نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی هاوپەیمانان کرد



ئەمڕۆ سێشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لەجەنەرال جۆن ڤاوێ فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق و سووریا و شاندێکی یاوەری کرد.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوێکدا باویکردووە, لە کێبوونەوەیەکدا هاریکاریی هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆر و لەناوبردنی یەکجارەکیی داعش، یارمەتیدانی سوپای عێراق و پێشمەرگە بە مەشق و ڕاهێنان و ڕاوێژی سەربازی، هەڕەشەکانی تیرۆر لە عێراق و سووریا و لە ناوچەکە بەگشتی، تاوتوێ کران.

هەردوولا جەختیان لە پاراستنی هێزەکانی هاوپەیمانان و نێردەی دیپلۆماتییەکان لە عێراق کردەوە و هاوڕا بوون کە سەقامگیریی عێراق بۆ تەواوی ناوچەکە پێویستە و دەبێ هیچ دەرفەت نەدرێت تیرۆر سەرهەڵبداتەوە، هەروەها باسیان لە هێرشە درێنییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان کرد.

دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، یەکخستنەوەی پێشمەرگە، ئاڵنگارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و شەڕ لە غەزە و کاریگەرییەکانی لەسەر ناوچەکە و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی

هاوبەش، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو کە ژمارەیەک لە دیپلۆماتکاران و بەرپرسانی سەربازی، ئامادەی بوون.